## سەلاحی گەرمیان "لەوەلام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەلاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەویت , بکریت بەمێژوو ؟

سەلاحی گەرمیان* گەر بڕوانینە ئەوەی تا ئێستا چی کراوە بۆ ئەنفال لە لایەن دەسەلاتدارانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێرەوە ئەتوانین لە وەلام بەو پرسیارەی سەرەوە بلێین: نەخێر نەک ئەنفال نەکراوە بە مێژوو بەلکو بە پێچەوانەوە زۆر کاری نێگەتیف کراوە بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان لە مەڕ ئەنفالەوە، سەرەڕای سودوەرگرتن لەو کارەساتە بۆ پڕوپاگەندەو بەرژەوەندی سیاسی، هیچ کارێکی بەرچاو بەدی نەکراوە لەو بارەیەوە. ئەمەو جگە لە قەبوولکردنی ئەنفالچییەکان (لە موستەشارەکان و کۆنەجاش و بەعسییەکان) لە لایەن حیزبەکانەوە و سپاردنی بەرپرسیاریەتی وپلەو پایە پێیان و تەنانەت داکۆکیکردن لە ئەنفالچییە پلە بەرزەکانی ڕژێمی سەددام لە نموونەی نەزار ئەلخەزرەجی و وەفیق ئەلسامەڕایی و مشعان ئەلجبوری و زۆریتر لەوێنەی ئەوان. خالی گرنگ لە کارکردندا بۆ بە مێژووکردنی ئەنفال ئەوەیە ئەو تاوانکاریە لە لایەنە نێو دەولەتییەکانەوە وەک کاری جینۆساید دانی پێبنرێت، ئەو کاتە لە هەموو جیهاندا ئەناسرێت و عێراق وەک دەولەتێک سەرەڕای نەمانی ڕژێمی سەددام ئیلتزاماتی یاسایی وەک قەرەبووی هەموو ئەو زیان گیانی ومالی کە لە ئەنجامی ئەنفالدا کراوە ئەکەوێتە ئەستۆی لە پال مووچە برینەوە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ئاوادانکردنەوەی هەموو گوندە وێرانکراوەکان. پرسیار لەوەدایە چی بەرپرسێکی کورد کاری بۆ ئەوەکردوە و لە ووتوێژە ڕەسمییەکانیاندا لەگەل لایەنە نێودەولەتییەکاندا، یان وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفالکراوەکان چی هەنگاوێکی ناوە لەو بارەییەوە. بەلی ڕێکخراوەی چالاک هەیە لەم بوارەدا وەکو ڕیکخراوەیناوەندی هەلەبجە " چاک" و چەندین ڕێکخراوەی تر، بەلام نا ڕەسمین و توانای داراریی و ڕاگەیاندنیان کەمە و هیچ لایەنێکی حیزبی و حکومی نەک هەر یارمەتییان نادەن بەلکو زۆرجار کارەکانیشیان دەشێوێنن و بێ بایەخ ئەیگرن.

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

سەلاحی گەرمیان* ڕۆلی ڕۆشنبیر نەک تەنیا گرنگە بەلکو ڕۆشنبیر بەرپرسیارە لە بەرامبەر مێژوو لە خستنەڕووی ڕاستییەکان و ڕەخنەگرتن لە کارە چەوتەکان و لابردنی تەمومژی دونیای سیاسەت ڕووناکردنی ڕێگای دواڕۆژ بۆ کەسانی ناو کۆمەل، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە نابێت خۆی لە

کناری ڕووداوەکان ببینێتەوە ویان ببێتە پاشکۆی لایەنێکی سیاسی و لە دۆگمای فکرییدا بخولێتەوە.
سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال، ئەرکی ڕۆشنبیری کورد هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەنفال لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەربڕین و گەیاندنی ئازارەکانی ئەنفالکراوەکان بە هەموو گۆشەیەکی جیهان چ بەڕێگای نوسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی یان بە ڕێگای هونەر بە هەموو شێوەکانییەوە ( مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما، فۆتۆغراف...هتد) و بەو ئەرکە مێژووییەی کە ئاماژەم بۆ کرد هەڵبسێت لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکان وەک چاودێرێک ئەرکی خۆی ببینێت و کار لە پێناو ڕێگرتن لە دووبارە بونەوەی کارەساتی لەو چەشنە چ دژ بە کورد یان دژ بە هەر گەلێکی تر لە هەر وڵاتێک بێت.

دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟

سەڵاحی گەرمیان* دیاریکردنی ڕۆژی ئەنفال زۆر گرنگە نەک تەنیا بۆ یادکردنەوە بەڵکو وەکو ڕۆژێکی هاوکاری هەموو لایەنەکانی دژ بە شوفینیزم و دیکتاتۆرییەت و فاشیزم و هەروەها وەک شێوازێکی پەروەردەکردنی نەوەییەکی نۆی کە لە پاشەڕۆژدا ببن بە ڕابەر لە کۆمەڵدا بۆ پوچەڵکردنی بیری دژ بە مرۆڤایەتی. ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی یەکگرتن بێت بۆ بنبڕکردنی ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤ ورۆژی ڕێزلینان بێت لە ئەنفالکراوەکان و ڕۆژی ڕیسواکردنی فاشیزم و شۆفینیزم وبازرگتنەکانی شەڕ بێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی "چاک" ئەوەی وەک داواکارییەک بەرزەوەکردوە و بانگی هەموو لایەنەکانی کردوە کە ڕۆژی 4/14 بناسرێت بە ڕۆژی ئەنفال و بکرێتە پشووی ڕەسمی لە کوردستاندا.